**ئەردۆغان بارمتەی دەستی باخچەلییە...**

و. لە ئاڵمانییەوە هەڵۆ بەرزنجەیی. 30.1.2021

ڕۆژنامەی دێر تاگە شپیگلی ئیمڕۆ، بە وتارێکی دووردرێژ لەلایەنSusanne Güsten ، باسێکی دیوی ناوەوەی دەسەڵات لە تورکیا دەکات...

ڕۆژنامەنووسەکە دەیەوێ بڵێ: دەسەڵاتی ڕاستەقینە لە تورکیا بەدەست دەوڵەت باخچەلییەوەیە نەک ئەرۆغان.خانمە ڕۆنامەنووسەکە گویستەن دەنووسێ: ئەردۆغانی تەمەن 66 ساڵە بەم زوانە پرۆگرامی ڕیفۆڕمە نوێیەکەی لە حکومەتەکەیدا ئامادەی کردووە بڵاوی دەکاتەوە.، کە بەهێزکردنی دەوڵەتی یاسا و باری ئابووری لە خۆ گرتووە. هەروەها باشتر کردکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و ئەمەریکادا،کە دوای بگرە و بەردەیەکی زۆر ئاڵۆزی و گرژی تێکەوت،ئەمەش لەبەرچاو گیراوە و دەیەوێ سەرەتایەکی نوێ دەست پێ بکات.

لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن و ڕەخنەگران پێیان وایە ئەردۆغان بۆیە لە پێشکەشکردنی ئەم پرۆژەیە دوا کەوتووە، چونکە ئەردۆغان «بارمتەی» دەستی ناسیۆنالیستی ڕاستڕەو و دژە ڕیفۆرمی لایەنێکی هاوپەیمانێتی.. واتە MHP پارتەکەی باخچەلی...

هەروەها دەڵێ: ئەردۆغان لەمێژە ئەو پیاوە بەهێزە نییە، وەک لە ڕۆژئاوا تەماشا دەکرێت. پارتەکەی AKP خاوەنی زۆرینەی پەرلەمان نییە و پێویستی بە پشتیوانی مەهەپەیە. بە سەرۆکایەتی دەوڵەت باخچەلی. باخچەلی لەهەوڵی ئەوەدایە لە ڕووی ئایدۆلۆژییەوە ئەردۆغان بخاتە گۆشەیەکەوە و بە قسەی بکات. ئەمە بیرورای ڕۆژنامەنووسی دیار جان دوینداره Can Dündar لە پەخشەکەی تاراوگەیەوە Özgürtz لە بەرلین. « باخچەلی بە پارتە بچوکەکەیەوە بەهێزترین پیاوی تورکیای کردۆتە بارمتە«.

زانستکاری سیاسی Halil Karaveli ی خاوەن کتێبی ( بۆ تورکیا ئاوتۆریتێرە) دەڵێ :« باخچەلی تەمەن 73 ساڵە ئەگەرچی زۆر لە پێش ئەردۆغانەوە سیاسەت دەکات، کەچی لەدەرەوەی تورکیا هێندە ناسراو نییە. گەشتی دەرەوەی تورکیا ناکات» هەروەها دەڵێ: ناسینی ئەردۆغان بە سوڵتانێکی بەهێز هەڵەیە. لە گفتوگۆیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی دێر تاگە شپیگل دا دەڵێ:« ئەو خەڵکەی لە ڕۆژئاوا ئەردۆغان بە کێشە دەزانێ، بەڕاستی پێویستە دۆخەکە لەنزیکەوە تەماشا بکەن..«

ئەردۆغان پشتی بە باخچەلی بەستووە . ئەردۆغان سەرەتا لەگەڵ لایەنگرانی گوێلەن دا تێکهەڵچوو، کە ساڵانێکی زۆر هاوکاری بوون. تا لەساڵی 2013 دا تێکچوون . لەو دەمەوە باخچەلی ئەو بۆشاییەی بۆ ئەردۆغان پڕ کردۆتەوە. بە یارمەتی باخچەلی ئەردۆغان توانی: 2017 ڕاپرسی بۆ پێڕەوکردنی سیستەمی سەرۆکایەتی بەڕێوە بەرێ، 2018 دووبارە خۆی وەک سەرۆک هەڵبژێرێتەوە. مەهەپە بەهەزار حاڵ توانی ڕێژەی 10% بەدەست بهێنێ و بچێتە پەرلەمانەوە. لە دوا هەڵبژاردنەوە ئیدی پێویستی بەوە نییە، هەوڵی چوونە پەرلەمان بدات، حکومەتەکەی ئەردۆغان یاسای هەڵبژاردنی گۆڕی و کەوا مەهەپە بە لیستەکەی ئاکەپەوە گرێ دراوە و دەتوانرێ بچێتە ناو نوێنەرایەتی گەلەوە.

پەرلەمەنتاری پێشوو Aykan Erdemir کە ئێستا بۆ دەزگای هزری FDD لە ئەمەریکا کار دەکات دەڵێ: هەردوولا لەم ڕێکەوتنە سوودیان بینیووە. ئەردۆغان بە پاڵپشتی مەهەپە توانیویەتی بەر بە ئۆپۆزیسیۆن بگرێ ، گازندەی گەندەڵی دژ بە ڕژێمەکەی ڕاگرێ. مەهەپەش توانیویەتی دەستی بگاتە جومگە گرنگەکانی حکومەت لەسەرچاوە و دەزگاکان . مەهەپە لە بواری لەشکری، دادوەری، بیرۆکراتی دا زۆر پلە و پۆست بەدەست بهێنن ، بۆ نموونە وەزیری بەرگری Hulusi Akarبە پێشنیازی باخچەلی ئەو پۆستەی دراوەتێ.

مەهەپە و ڕێکخراوی لاوانی « گورگەبۆر» ناوزراون کە لە حەفتاکاندا ، تیرۆری چەپ، سەندیکاران و خوێندکارانیان دەکرد، ئیمڕۆ نەخشەیەکی توندی دژی دۆزی کورد هەیە، داوای گرێدانی تورکیا بە ئەورووپاوە دەکات. مەهەپە داوای قەدەغەکردنی HDP دەکات، ئەردۆغان بە قسەی ناکات، چونکە دەزانێ زیان بە دروستکردنەوەی پەیوەندی تورکیا لەگەڵ ئەورووپادا دەگەیەنێ.

بەرژەوەندی ئەردۆغان و باخچەلی بەم هۆیەوە لێک دوور دەکەونەوە، هەر بۆیە ماوەی هەفتەیەکە، ئەردۆغان بەردەوام سەردانی بەرپرسانی لایەنە بچووکەکانی تری ئۆپۆزیسیۆن دەکات، دەیەوێ ئامادەکاری نوێ بکات. ڕۆژنامەنووس Rusen Cakirلە تەلەفزیۆنی ئینتەرنێتی Medyascope دەڵێ، بەپێی سەرچاوەکانی زانیاریم لە ئۆپۆزیسیۆنەوە شتێ کەوتۆتە جوڵە سەبارەت بە ریفۆرمەکەی ئەردۆغان و هەوڵی ڕزگارکردنی ئەردۆغان لە باخچەلی، چونکە ئەو بەتەنیا ناتوانێ ڕزگاری بێت لەو وابەستەییەی بە باخچەلییەوە. بۆیە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان دەیانەوێ ئەردۆغان لەو ڕێگا داخراوە بهێننە دەرێ و بیخەنەوە سەر زەمینی دیموکراتی.
ڕەخنەگرانی مەهەپە، دەڵێن: دەشێ ناسیۆنالیستەکان ڕێگری لەمە بکەن و پەنا بۆ ئامرازی توند بەرن . کارەڤالی هۆشداری دەدات و دەڵێ: من هەژماری ئەوە دەکەم لە داهاتوودا شتێ لە تورکیا ڕوو بدات ، - ڕەنگە پەلاماردانێک یاخود شتێ لەو جۆرە - ئیدی شتێ کەوا بکات ئەردۆغان لە ڕۆژئاوا خراپ نیشان بدات. ئەحمەد داودئۆغلوش A.Davudoglu کە ماوەیەکی زۆر ڕاوێژکار و وەزیری دەرەوە و سەرۆک وەزیران بووە و ئێستا خاوەنی پارتێکی دژ بە ئەردۆغانە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا هۆشداری دەدات و دەڵێ: ئەردۆغانبەدەست خەڵکێکەوەیە لە دەستگای ئاسایش، ئەوان کردوویانە بەداوی خۆیانەوە. هەروەها دەڵێ:« ئەوانە هەوڵ دەدەن ئەردۆغان لەناو بەرن و خۆیان وڵات بگرنە دەست.«

ئایا ئەردۆغان سەرکەوتوو دەبێت لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی نوێ، بەبێ مەهەپە؟، دەبێت نرخێکی گرانیشی بۆ بدات: نەیەڵێ سیستەمی سەرۆکایەتی هەڵوەشێتەوە و تورکیا بگەڕێتەوە سەر سیستەمی پەرلەمانی. سەرۆکی پارتی ئیسلامی سەعادەتTemel Karamollaoglu دەڵێ:« بە مەرجێ ئێمە دەتوانین هاوپەیمانی لەگەڵ ئاکەپە بکەین، کە دەست هەڵگرێ لە سیاسەتی هەڵە و لە سیستەمی سەرۆکایەتی.«

کارامۆلائۆغلوو بەم دەربڕینەی داوای سەرەکی ئۆپۆزیسیۆنی گەیاندە ئەردۆغان. لە کاتێکدا ئەگەر ئەوان بیانەوێ ناوبراو لەو گێرخواردنە قوتار بکەن.

ئەردۆغان هەتا ئێستا - داوای هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی سەرۆکی ڕەت دەکاتەوە.


6 DER TAGESSPIEGEL POLITIK NR. 24 435 / SONNABEND, 30. JANUAR 2021

Gläubige rebellieren gegen Woelki

Kardinal hält Studie zu Missbrauch zurück

Geisel seiner Helfer

Um sich von den Nationalisten abzugrenzen, sucht Präsident Erdogan in der Türkei neue Partner. Die verlangen Demokratisierung

Der Einfluss von MHP-Chef Bahceli auf Erdogan ist groß

Polinnen gehen wieder auf die Straße

Scharfes Gesetz zur Abtreibung ist in Kraft